سەماحەتی حەکیم پاڵپشتی حکومەت دووپات دەکاتەوە و بنەماکانی سەرکەوتنیشی دیاری دەکات

ammaralhakeem.com

لەدەستپێکی سەردانەکەی بۆ پارێزگای واسیت بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە ڕۆژی چوارشەممە بەرواری 22-2-2023 لە میوانخانەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئەبو ڕغێف چاوی بە كەمەڵێك شێخ و گەورە پیاوانی هۆزەکانی واسیت کەوت و لەم دیدارەدا سەرەتا پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونی ئیمامەکانی ئەهلی بەیت و هاتنی مانگی سەعبانی پیرۆزی لێکردن و دواتر باسی مێژووی دیاری هۆزەکانی واسیتی لە بەرگری کردن لە عێراق لە قۆناغەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی عێراقی کرد، هەروەها باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەشداری لە ڕاپەرینەکەی شەعبان کرا کاتێك ئەو ڕاپەڕینە بووە هۆکارێك بۆ پەراوێز خستنی ڕژێم و شکاندنی ترسی هاوڵاتیان بەرامبەر ئەو ڕژێمە کە دواتر بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لەناوچوونی .

سەماحەتی ئاماژەی بۆ ڕۆژە سەختەکانی عێراقی لە دوای 2003 کرد کاتێك تیرۆر و تەقینەوەکان و تائیفیەت و پڕۆژەکانی لە کۆمەڵگای عێراقیان دا و ڕوونی کردەوە کە عێراق توانی ئەو قۆناغە هەستیارانە تێپەڕ بکات، کە دواییـنیان هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییە بوو کە دەیانویست بەهۆیەوە فیتنەو شەڕی براکوژی بەرپا بکەن، هەروەها بەڕێز حەکیم پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی ئێستا دەربڕی وەرای ئەوەی بەشداری تێدا نەکردوە، سەماحەتی گوتی ئەو پاڵپشتیە بۆ بڕوای ئەوەیە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت و باری باشی ئەمنی و دارایی و کۆمەڵایەتی و دیدی باشی جیهانی و وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بە عێراق بە باشترین شێوە سوودی لێوەربگیرێت.

لەکۆتاییشدا گوتی عێراق ئێستا چانسێکی ڕاستەقینەی لەبەردەمە بۆ ئەوەی سروشتی خۆی بەرەو باشتر بگۆڕێت و هەڵەکان بکاتە ڕابردوو و بەچاوێکی پڕ گەشبینی سەیری دوارۆژ بکات و هەڵەکانیش دووبارە نەکاتەوە.